SDH



# پەنجەمۆر و یۆڕۆداک

زانیاری بۆ هاووڵاتیانی وڵاتی سێیەم و کەسانی بێ ڕەگەزنامە کە دەبینرێنەوە بە شێوەیەکی نایاسایی لە وڵاتێکی ئەندامدا دەژێن (خاڵی ٣ی مادەی ٢٩ پێڕەوی (یەکێتی ئەوروپا) ژمارە ٢٠١٣/٦٠٣).

ئەگەر تۆ بینرایتەوە کە بە شێوەیەکی نایاسایی لە وڵاتێکی دبلندا دەژیت [1]، دەسەڵاتداران دەتوانن پەنجەمۆرت وەربگرن و بینێرن بۆ بنکەی زانیارییەکانی پەنجەمۆرەکانی یۆرۆداک. مەبەست لەم کارەش تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە ئایا پێشتر داوای مافی پەنابەریت کردووە یان نا. پەنجەمۆرەکانت لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا هەڵناگیرێن، بەڵام ئەگەر پێشتر داوای پەنابەریت لە وڵاتێکی تر کردبێت، دەتوانرێت بگەڕێنرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتە.

ئەگەر پەنجەمۆرەکان کوالیتییان خراپ بوو یان ئەگەر بە ئەنقەست زیانت بە پەنجەکانت گەیاندبێت، دەتوانرێت دواتر دووبارە پەنجەمۆرەکان وەربگیرێنەوە.

بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداک لەلایەن ئاژانسێکی یەکێتی ئەورووپاوە بە ناوی eu-LISA بەڕێوەدەبرێت. زانیارییەکانت دەتوانرێت تەنها بۆ ئەو مەبەستانە بەکاربهێنرێت کە لە یاسادا دیاری کراون. زانیارییەکانت تەنها بۆ سیستەمی ناوەندیی یۆرۆداک دەنێردرێن. ئەگەر دواتر لە وڵاتێکی تری دبلن داوای پەنابەری بکەیت، دووبارە پەنجەمۆرت لێ وەردەگیرێتەوە و دەنێردرێن بۆ یۆڕۆداک. ئەو زانیاریانەی کە لە یۆڕۆداکدا هەڵگیراون بۆ هیچ وڵاتێک یان ڕێکخراوێکی تر لە دەرەوەی وڵاتانی دبلن نانێردرێن.

**١) وڵاتانی دبلن هەموو وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپان (هۆڵەندا، بەلجیکا، بولگاریا، ئیسپانیا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا، نەمسا، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسمبۆرگ، یۆنان، کرواتیا، قوبرس، ماڵتا، پورتوگال، پۆڵەندا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، سوید، ئەڵمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، فینلەندا، دانیمارک، کۆماری چیک، هەنگاریا، ئیستۆنیا، هەروەها چوار وڵاتی "پەیوەندیدار" بە سیستەمی دبلن (نەرویج، ئایسلەندا، سویسرا و لیختنشتاین).**

**©یەکێتی ئەوروپا، ٢٠١٤**
**کۆپیکردنی نووسراوەکە ڕێگەپێدراوە. بۆ بەکارهێنان یان کۆپیکردنەوەی وێنە تاکەکان دەبێت ڕاستەوخۆ لە خاوەنی مافی چاپ وبڵاوکردنەوە داوای مۆڵەت بکرێت.**



## زانیارییەکانی پەیوەندیکردن

**ڕاگری تۆماری یۆرۆداک و نوێنەرەکەی**
خاڵەکانی پەیوەندیکردن: بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس (Poliisihallitus) و فەرمانگەی کۆچ (Maahanmuuttovirasto)

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی نووسینگەی ڕاگری تۆمار**
Poliisihallitus (بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس)
PL 1000 (Vuorimiehentie 3),
02151 Espoo
+٣٥٨٢٩٥٤٨٠١٨١
kirjaamo.poliisihallitus@poliisi.fi

Maahanmuuttovirasto (فەرمانگەی کۆچ)
PL 10, 00086 Maahanmuuttovirasto
ت: +٣٥٨٢٩٥٤٣٠٤٣١ (ناوەند)
migri@migri.fi   www.migri.fi

ئەگەر دەتەوێ ئاشنای ئەو زانیارییانە بیت کە لە سیستەمی یۆرۆداکدا لەبارەی تۆوە تۆمار کراون، بەشێوەیەکی شەخسی لای پۆلیس داوا بکە. ئامادەبە بۆ سەلماندنی ناسنامەی خۆت. بە باشتری دەزانین کە پەیوەندی بەو بنکەی پۆلیسەوە بکەیت کە داوای پەنابەرییەکەتی وەرگرتووە. زانیارییەکانی پەیوەندیکردن: www.poliisi.fi.

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتی پاراستنی زانیاریی نیشتیمانی**
Tietosuojavaltuutetun toimisto
(نووسینگەی کۆمیساری پاراستنی زانیارییەکان)
ناونیشانی سەردانی:
Lintulahdenkuja 4, 00530 Helsinki
ناونیشانی پۆست:
PL 800, 00531 Helsinki
تەلەفۆنی ناوەندی: +٣٥٨ ٢٩ ٥٦٦ ٦٧٠٠
پرسگەی تەلەفۆنی گشتی بۆ تاکە کەسەکان: +٣٥٨ ٢٩ ٥٦٦ ٦٧٧٧
سێشەم – پێنجشەم کاتژمێر ٩:٠٠ – ١١:٠٠
tietosuoja@om.fi
www.tietosuoja.fi




**ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ببینن کە تۆ لە وڵاتێکی دیکە داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە کە ڕەنگە بەرپرسیار بێت لە تاوتوێکردنی داواکەت، ئەوا زانیاری وردترت پێدەدەرێت سەبارەت بەو ڕێکارانەی کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە و ئەوەی کە چۆن ئەوە کاریگەریی لەسەر تۆ و مافەکانت دەبێت.**

29.02.2024 - sorani

EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

European Commission

Rajavartiolaitos
Gränsbevakningsväsendet
The Finnish Border Guard

POLIISI
POLISEN I FINLAND
Police of Finland

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service